


# هۆ کۆپیکار، هۆ مایەپووچ

ئەفریقاییەکان دەڵێن:
(پیاو بە و شوێن هەنگاوەکانم هەڵمەگرە).

ئازاد عەبدولواحید

* کۆپیکار، قۆپیەچی، شوێن کەوتە، لەناو ئەو کۆمەڵگە و شوێنانەدا ژمارەیان زۆرە و ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕوو لە زیادبوون دەکەن، کە دەقیان بە چەقبەستن گرتووە و لە وڵاتی تووتیستاندا دەژین، ئەوانە دەرچوون لە یاساکانی تووتیستان بە هەڵگەڕانەوە لە ئاشنا و مەئلووفەکان دادەنێن، تۆ تا زیاتر بە یاسا و ڕێسا گشتییەکانەوە دەروەست و پابەند بیت، لای ئەوان دەستەمۆیەکی قەبووڵ کراوی، کە لەو یاسا و نەریتانە دەرچووی، دەبیتە کەسێکی بێزراوی فەرامۆشکراو. ئەم ڕێچکەیەی ئەوان ماندووبوونی گەرەک نییە، سەریەشەی کەمترە، یان هەر نییەتی، بۆیە زۆرینە دوای دەکەون، بەڵام کە تاک تاک لەو ڕێسا باوانە دێنە دەرێ و گوێ بە ئاقیبەتی هەنگاوە بوێر و ئازایانە و نوێیەکان نادەن، ئەوە لەلای کەسانی دی بە یاخیبوون دادەنرێ.

* ئەوانەی لە ڕێسا باوەکان لادەدەن، ناحەزیان زۆرە، خۆشیان کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو لە ڕێسا دەرچووانەوە، بۆیە دەکەونە سەنگەری دژایەتی و ناحەزیی ئەو تاکوتەرا جیاوازانەوە، بۆ ئەوەی گومانی کەوتنە ژێر کاریگەرییەکە لە خۆیان بتەکێنن و دووری بخەنەوە، ئەوانە کە باز بەسەر خاوەن بیرۆکە نوێیەکاندا دەدەن، کە ئەوەیان پێ ناکرێ، ئەوجار دێن لەسەر نەخشەی کارکردنی خۆیان هەوڵی ڕەش کردنیان دەدەن، یان حەز دەکەن بە پێی مگێز و ئارەزووی خۆیان لە قاڵبیان دەن و بیانخەنە نێو ئەو چوارچێوە و نەزمەی خۆیان دەیانەوێ، بەڵام ئەوە خەیاڵێکی خاوە، چونکە هەرگیز نە لە ئێستا و نە لە داهاتوودا ناتوانن ئەو ئامادەبوونەیان لاواز، یان کاڵ بکەنەوە.

* لە هەموو بارێکدا تۆ کە دەتەوێ ببیتە خاوەنی بەخشش و کاری جیاواز و سەرنجڕاکێش، دەبێ تەنیا خۆت بیت و نەبیتە شتێکی دیکە، ئەوە تەنیا گەمژەکانن لەو باوەڕەدان کە هەموو ئەوەی دەیکەن لە هی کەسانی دی باشتر و ڕەونەقدارترە، کەسانی پێگەیشتوو، هەمیشە بۆ کاری تایبەتمەند و داهێنەرانە لە هەوڵی بەردەوامدان، چونکە ئەوانە کە داهێنی ڕاستەقینەن و بیرۆکەی نوێ دەخەنە ڕوو، پێیان وایە ئەوەی کردوویانە شتێکی ئەوتۆی شایانی باس نییە، هەمیشە خۆیان بۆ کاری نوێ و نوێتر ئامادە دەکەن، بۆیە دەبینین کەسانی کۆپیکار ڕقێکی ئەستووری متبوویان لە بەرانبەریاندا هەڵگرتووە، ئیرەیی و ناحەزییان لە ناخی ڕەشیاندا حەشار داوە، نەک لەبەر ئەوەی خراپەیەکیان بۆیان هەیە، یان هەبووبێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بوونیان ئازاریان دەدا و ئەوان زۆر بچووک نیشان دەدا.

* کەسانی کۆپیکار، یان قۆپیەچی، کە قەت خاوەنی دەنگ و ڕوخساری خۆیان نین، ئەمڕۆش نەبێ، بەیانی، کەسانێکی چاوکراوە و وتووریا و ڕووناکبیر و خاوەن میتۆد و بە ویژدانیان لێ پەیدا دەبێ، پەردە لەسەر ڕووی دزێوی لاساییکردنەوە و قۆپیەکانیان هەڵدەماڵرێ و کارە ساختەکانیان بۆ خەڵکی ئاشکرا و ڕوون دەکەنەوە، ئەوانە جگە لە مشەخۆری ناوەندی ڕۆشنبیریی (حثالات ثقافية)، کە لەسەر سفرەی ڕەنج و شەونخوونی کەسانی دی دەخۆن، هیچ شتێکی دیکە نین، بۆیە با دڵنیا بن، هەر لە پەراوێزدا دەژین و دەمێننەوە.